# بەتەنیشت فەنابوونەوە



**بەرزان هەستیار**
**ئاب و تشرینی دووەمی**2003
bhastiar@yahoo.de

**ناخوێنرێنەوە ،ئەم هەموو دەموچاوانە بە کێ تەفسیر ئەکرێن و**
**کێ ئەتوانێ ڕەچەڵەکی ئەم هەموو ئازارو**
**ئەم سەرچاوە بزرانەی خوێن بدۆزێتەوە**
**هەرچی گەمەو زەماوەندو زێمارەکانیشمان هەیە**
**لەسەر تخووبی ئاشووبەوە دەستیان پێ کردووەو**
**لە کەناری زەریایەك لە خۆڵەمێشدا کوژاونەتەوە؛....**
**ئەو خۆی لێرەش نەبوو،کەچی**
**نیوەی عەتری گوڵەباخەکان و**
**نیوەی هەتاوو نیوەی گەڵا سەوزەکانی**
**نەمامەکانی پێکەنینی برد.... فەنابوون**
**خۆی بەر لەوەی لێرەشەوە ڕەت بێت**
**سوپایەك تاعوونی بەردایە جەستەی ئەسپی**
**نەرمە شەپۆلەکانی بیرەوەرییمان**
**کە ئەهاتیش بێ شەرمانە دەرگاکانی ئەکوتاین و**
**جارێك لە پریاسکەی( ئەنفال)ا..**
**هەڵوەرینی لەبەر ماڵەکانمانا جێ ئەهێشت و**
**جارێکی تر فەقیانەی داپیرەکانی پڕ ئەکرد لە ژەهر....فەنابوون**

چ ئاشووبێکە ئەم ماڵە بێ کلاورۆژنەیەم
لەم سەرەوە مردن فووی پیا ئەکاو
لەو سەرەوە ئفلیج بوون دیوارەکانی سواغ ئەدا
تا زاکیرەم کاڵ ئەبێتەوەو تا ژمارەکان کفت ئەبن
یەك..دوو..سێ، تا ئەچمەوە بەر هەتاوی یەکەم دڵۆپی کوژرانم
ساڵانی پیرە برینەکانم ئەژمێرم،
ئەم سفت و سۆی ئەژنۆ شل بوونە
ئەگاتەوە بەر دەرگای ژەنگاویی گۆڕەکانیش،
زویر مەبن ، من زێوان و مردوو شۆرو گۆڕهەڵکەن
زیاتر لە باخەوان وگوڵفرۆشەکان ئەناسم و
فەرهادکوژە، لەعاشقەکان
خەنجەر بەدەستەکان، لەزامدارەکان،
جاسووسەکان، لە شەهیدەکان،
خاروخەس، لەمێرغوزارەکان،زیاتر؛
کە ناشرینە ئەم قەدەرە
ئەودیوی دێڕەکان...
لە ڕەشنووسی ڕاپۆرتی نیشتیمان فرۆشێك ئەچێت و
ئەمدیویشیان لەڕەچەتەی دکتۆرێکی خەواڵوو
دیوێکی نیشتیمان لەڕەنگی هەڵبزرکاوی دزێك و
ئەوی تری لە جەستەی کۆترە باریکەیەکی پێکراو ،
بەیانیانم لە هاواری گرمۆڵەبووی مناڵە سەموون فرۆشەکان و
نیوەڕوانم لەئارەقەی لینجی ژنە نانکەرەکان؛
ئەیژمێرم، تا ئەگەمەوە یەکەم دەروازەی لاڵ بوونم
لەوێشەوە تا دێمەوە بەر خێوەتە شڕەکەی ئەنفال
ئەنفال ..ئەنفال پیاوێکە،زرتەبۆز
چنگ لەسەر شان دوام کەوتووەو
منی کەنەفتیش بەهەڵەداوان
خۆم ئەکەم بە کەلاوەی نیوە ڕووخاوی گریانا
دوام کەوتووەو بنی پێی مێژووم ئەلێسێتەوە

تا گۆت بێت ونەگاتە ئەمبەر ئاواییە خنکاوەکان

ئەنفال..ئەنفال

کەناریی باڵشکاوی ڕۆحم جێ ناهێڵێ،ئەم گوربەیە

*****

ژێر نابنەوە، ئەم هەموو برژانگە تەڕە

لێوێ نییە مرواری ساغی ڕۆندکیان بخواتەوە

کێ نیشتیمانێکی دیوە زەریاکانی هەر چاو بن و

دەشتەکانی ڕەش بچنەوە لە (چاو)داو

کێوەکانی بەرز بچنەوە لە(چاو)داو

چاوەکانیش سوور بچنەوە لە بێ بڕستییدا !؟

کێ نیشتیمانێکی دیوە شەقامەکانی لە حەشمەتی تەنیاییدا

سپێدان بەدەم داڵغەلێدانەوە

دووکەڵی جگەرەکانیان بە(با)دەن!؟

ئێوارانیش لە سووچی مەیخانەیەکدا

بەدەم گێڕانەوەی چیرۆکی بێکەسیی خۆیانەوە پێك لەیەك دەن!؟

کێ نیشتیمانێکی دیوە بستێك لە ئاسمانیدا نەمابێ

ئەستێرەیەك بەڕووتی تیا پاڵ بکەوێ و

ستیانەکەی لێ نەدزن!؟

مانگ دوگمەی کراسەکەی تیا بترازێنێ و

تریفەی مەمکی ڕاو نەکەن!؟

کێ نیشتیمانێکی دیوە بەکراسێکی چڵکن و

جووتێ کەوشی دڕاوەوە،دەهری بووبێ و

لەبەر خۆیەوە بەدەنگێکی نەشاز گۆرانیی بڵێ

ئەوە نیشتیمانە سەرشینەکەی منە

تکایەلەهەر جێ بینیتان

بەم ناونیشانەی خوارەوە بینێرنەوە:

............

.........

.....؟